بابەت: ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانی

دوای سڵاو،

کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد(ASK) کە ڕێکخراوێکی ئەمریکی ناحکومی سەربەخۆیەو لەساڵی (١٩٩٩)ەوە لەکوردستان کار دەکات، پڕۆژەی چاودێریکردنی بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ڕادەگەیەنێت بۆ ماوەی یەك ساڵ ٢٠٠٦ ـ ٢٠٠٧، بۆ ئەم مەبەستە ASK ڕایدەگەیەنێت کە گرووپێکی تایبەتی (١٠) کەسی پێکهێناوە کە هەموویان پارێزەرو مافپەروەری گەنجن بەناوی (گرووپی تیشك بۆ چاودێریکردنی بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان) کە بەسەرپەرشتی ASK ئەو پڕۆژەیە جێبەجێ دەکەن.

ئەو گرووپە لەڕۆژی (٢٠٠٦/١٢/٣) بەڕەسمی سەردانی پەرلەمانی کوردستانیان کردو بەهاوکاری بەڕێزان کریم بحریو سەردار هەرکیو هاوشانی ئەوان سەردانی سکرتێری پەرلەمانی کوردستانیان کردو لەلایەن بەڕێزیانەوە بەگەرمی پێشوازی کران، ئەندامانی گرووپ لەنزیکەوە تیشکیان خستە سەر پێکهاتەی گرووپەکەو کارەکانی، لەبەرانبەریشدا بەڕێز سکرتێری پەلەمان بەڵێنی دا کە هەموو هاوکارییەکی ASK بکات لەجێبەجێکردنی ئەو پڕۆژەیەداو بەکارێکی گرنو نایابی وەسفکردو هیوای خواست گرووپی تیشك سەرکەوتوو بن لەکارەکانی خۆیاندا.

هەروەها گرووپ لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی دیوانی پەرلەمان بەڕێز کاك کرێکار عەبدوڵڵا پێشوزای کرانو بەڕێزیان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوانی پەرلەمان ئامادەیە بەهەموو شێوەیەك هاوکاری ئەو گرووپە بکات بۆ سەرکەوتنی کارەکەیانو پڕۆژەکەشی بەشتێکی باش وەسفکرد تاوەکو هاوڵاتیان بتوانن لەڕێگای ئەو گرووپەوە ئاگاداری کارو چالاکییەکانی پەرلەمانی کوردستان بن.

American Society for Kurds (ASK)
Erbil - 60m street – Near Einkawa Bridge
askurds_sul@yahoo.com
www.askurds.org
☏ 066-2523874 - 0750- 4481577

دواتر ئەو گرووپە سەردانی فراکسیۆنی سەوزی کردو لەلایەن بەڕێزان کریم بحری برادۆستی بڕیاردەری فراکسیۆن‌و سەردار هەرکی ئەندامی لێژنەی پێوەندییەکانەوە پێشوازییان لێکراو

بەڕێزان تیشکیان خستە سەر ئیش‌و کاری فراکسیۆنەکەو بەلێنیاندا بەهەموو شێوەیەك هاوکاری ASK بکەن بۆ ئەوەی گرووپی تیشك بتوانێت بەوردی کارەکانی خۆی جێبەجێ بکات، دواتر گرووپ سەردانی فراکسیۆنی زەردی کردو لەلایەن بەڕێز شێروان حەیدەری سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد پێشوازییان لێکراو بەڕێزیشیان کاری گرووپی بەشتێکی گرنگ وەسفکرد بۆ خستنە ڕووی ڕاستییەکانی کاری پەرلەمان‌و ئاگادارکردنی هاوڵاتییان لەو هەنگاوانەی پەرلەمانی کوردستان دەیهاوێژێت. پاشان گرووپ هاوڕێ لەگەڵ پەرلەمانتاران کریم بحری‌و سەردار هەرکی یەکە یەکە بەشەکانی تەلاری پەرلەمانیان بەسەر کردەوە‌و سەردانی هۆڵی کۆبوونەوەی پەرلەمان‌و هۆڵی پەناگیریان کرد.

دواتر گرووپ چاویان کەوت بەهەندێك لەئەندامانی پەرلەمانی کوردستان‌و لەگەڵ ئەوانیشدا باس لەئەرکی گرووپ‌و چالاکییە داهاتووەکاندا کرا.

شایانی باسە گرووپی تیشك چاودێری بەلێنەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکات کە لەسێ لیست پێکهاتووە: لیستی هاوپەیمانی کوردستان، لیستی کۆمەڵی ئیسلامی، لیستی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان‌و دوو مانگ جارێك ڕاگەیاندنێك لەبارەی ڕێژەی جێبەجێکردنی بەلێنەکانی پەرلەمانی کوردستان بڵاو دەکاتەوە.

بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پێوەندی بەڕێکخراوی ASK بکەن.

ریبین ڕەسول ئیسماعیل
بەڕێوەبەری ASK لەکوردستان